# با زەعفەرانیە بکەینە شارێکی جێگیر و ئارام

نەشیعی و نە سونی ،ئاسنامەی ئینسانی          منالانمان مەکوژن لە پێناو شەڕی تایەفەگەریتان

سالانێکی دوورو درێژە خەڵکی زەعفەرانیە بەیەکەوە زیندەگی دەکەن،وەکو باقی شارەکانی دیکەی عیراق،بە دوور لە ڕق و کینە .بەم شێوەیە نموونەی مرۆڤایەتی و ئاشتی بوون.لەم ماوانەی دوایی دا دەستی تاوان و شەڕانگێزی ،هەولی تێکدانی جێگیری و ئاشتی کردووە ،بە بەکارهێنانی نەعرەتەی تایەفەگەری ،کە دەبێتە هۆی پچڕاندنی بەندی کۆمەڵگاو، شار دەگۆڕێت بە بەرەکانی جەنگی تایەفەگەری .لەم دواییانەدا دەست کراوە بە پەخش کردنی کاغەزی روو زەرد ،کە تێیدا هەڕەشە لە خێزان وخانەوادەکان دەکەن بۆ جێهێشتنی ماڵ و حاڵ و جێ ی گوزەرانیان.

کۆنگرەی یازادی عیراق ،لە کاتێکدا ئیدانەی ئەم کارە چەپەڵانە دەکا،داوا لە خەڵکی زەعفەرانیە دەکا بەدەر لە جیاوازی ئایینیان و مەزهەبیان و بیروباوەریانەوە بۆ دروست کردنی لیژنەکانی پاراستن لەخۆ بە دژی ئەم کارانە و پاراستنی گیانی هاوولاتیان و ڕێگە گرتن لە گۆڕینی شاری زەعفەرانیە بە مەیدانی  جەنگی تایەفەگەری .

بێ دەنگیتان لەم جۆرە کارانە دەبێتە هۆی تەشەنەسەندنی و ،بەتەنها خەڵکی زەعفەرانیە تێیدا زەرەرمەند دەبن .ئێستا کاتی بەرەو ڕووبوونەوە و ڕاوەستانە بە دژی هەموو کارێک کە دەبێتە هۆی بەش کردن و جیاکردنەوەی ئینسانەکان لەسەر بنەمای تایەفەگەری و ڕەگەز .ئەمانە بەبێ دوو دڵی پۆلێن کردنی خەیاڵین و ئامانج لێ ی تەنها زەوت کردنی مرۆڤایەتی ئینسانیەتتانە.

هۆشدار بن لە پاشماوەکانی و ببنە نموونەی بەیەکەوە ژیانی ئینسانی و خۆشەوییستی و ئاشتی ،کە مەرجی سەرەکی ئاسایش و ئارامی یە،نەک وەک ئەوەی دەیانەوێ خوێنتان بڕژێت وببنە داری ناو ئاگری تایفەگەری ،کە جگە لە مردن و کوشتن و پەشیمانی هیچی تر نابێت.

با ڕاوەستاوبین بە یەکەوە لە ژێر ئالای مرۆڤایەتی و ئاشتی دا،لە ژێر ئالای کۆنگرەی یازادی عیراق.

نا بۆ داگیرکاری ،نا بۆ تایەفەگەری

بژی ئیرادەی سەربەستی جەماوەری زەعفەرانیە.

**کۆنگرەی ئازادی عیراق**

**لقی زەعفەرانیە/بەغدا**

2006/8/1